چیرۆکی وەرگێڕدراو

مستەفا مەستور

# هل من محیص؟*

لە فارسییەوە: جەبار سابیر



- لەو خوارە چیت دەکرد؟
- بۆیاخم دەکرد بەڕێز! ڕەنگە تا ئێستا سی هەزار جووت پێڵاوم بۆیاخ کردبێت.
- بۆچی؟ بۆچی بۆیاخت  دەکرد؟
- بۆ ئەوەی پێڵاوەکان بریقەیان بێت لە ناو نەچن، بەڕێز!
- تا ئێستا بیرت کردووەتەوە؟
- نا، من هیچ کاتێ بیرم نەکردووەتەوە.
- بۆچی؟
- من نازانم بیربکەمەوە بەڕێز. من تەنیا دەزانم بۆیاخ بکەم.
- بێدەنگ بە! تا ئێستا گریاوی؟
- نا، بەڕێز.
- درۆ مەکە!
- بەڵێ بەڕێز، یەک جار. پێڵاوەکانی جنتڵمانێکم بەچاکی بۆیاخ نەکردبوو ئەو بە لەقە بەربووە چەناگەم. ددانێکم شکا و لەتاو ئازار گریام.
- بڕۆ ونبە! بیبەن. بیخەنە چاڵەوە. نەفەری دواتر!
- بۆچی دەلەرزی؟ جوان بوەستە! چ کارە بووی؟
- من... من سۆپەر مارکێتم هەبوو بەڕێز!
- لە کێ؟ لەچی دەترسی؟
- لە خۆم. لە دواوەی خۆم دەترسم.
- سۆپەر مارکێتەکەت چی تێدایە؟
- شوێنێک کە هەر خۆراکێک بتەوێ پەیدا دەبێ  بەڕێز! سوسیس، هەمبەرگر، کەنسرو، ساس، بنێشت، تەنانەت مەرگەمووشیش. هەموو کەسێک پێویستی بەسۆپەر مارکێت دەبێت بەڕێز! هەموو کەسێک فلچە یاخۆ گوێزان یا چپسی سوێری بوێت وا باشترە لە سۆپەر مارکێت بیکڕێت.
- چپسی سوێر چییە؟
- دەیدەنە منداڵان تا نەگرین بەڕێز!
- بیبەن.

– تۆ لەو خوارەوە ئەو شتەی داوام لێ کردی دۆزیتەوە؟
– بیرم چووبووە کە دەبوایە بەشوێن چیدا بگەڕێم؟
– بۆچی بیرت چووبووەوە؟
– چونکە کارم دەکرد. لە بەیانییەوە تا شەو. بۆ دەستخستنی ژەمە نانێک ناچاربووم وەک سەگ راکەم. کاتێک نانم دەخوارد دووبارە برسیم دەبووەوە و ناچاربووم دیسان کار بکەم. ژیانی من هەر ئەمەیە کار و کار و کار. بیرکردنەوە لە ئارامی هەموو شتێکی لەبیر بردبوومەوە. هەر چەند زیاتر بەشوێن ئارامیدا دەرۆیشتم کەمتر بەدەستم دەهێنا. ئێمە لێرە زۆر زوڵم لێ کراو بووین.
– داوای کۆمەکت لە کەس نەکرد؟
– نە.
– بیبەن.
– نارازیم!
– لەچی؟
– تۆ منت خەڵەتاند. لەو خوارەوە هیچی لێ نادۆزرێتەوە. لەو شوێنە تەنانەت خۆشمان بیرچووبووەوە. ئێوە چاوەڕوانی زیاترتان لە ئێمە هەبوو. ئەمەیش راست نییە.
– بیبەن، دەبێ تا سبەی بەدەوری خۆیدا بسووڕێتەوە.

– خوارەوە چۆن بوو؟
– تاریک بوو. تاریک تاریک.
– تۆ چیت دەکرد؟
– من شاعیر بووم. شیعرم دەنووسی.
– لەبارەی چییەوە؟
– هەندێک جار لەو تاریکییە کەمە رووناکییەک دەکەوتە سەر دار و دیوارو من شتێکم دەبینی. لەبارەی ئەو شتەی کە دەمبینی شیعرم دەنووسی.
– بەڵام زیاتر شیعرەکانی ئێوە لە بارەی ژنەوەیە.
– ژنان هەمیشە رووناکی بوون. ئەوێ پڕبوو لەژن.

– لەخوارەوە شتێکی ترت دۆزییەوە؟

– من هیچم نەدەبینی تەنیا دەستم لە شتەکان دەدا یاخۆ بۆنم دەکردن. هەندێک جار دەنگێکی سەیرم دەبیست و دەترسام.

– خوارەوە خۆش بوو؟

– بەڵێ، خۆش بوو.

– تۆ بەختەوەربووی؟

– نە .

– بۆچی؟

– چونکە کەس تێم نەدەگەیشت. ماندوو بووبووم. هەموو دەیانگوت: شیعرەکانی من زادەی خەیاڵی خۆمن. بەڵام من هەرچیم دەگوت، دەمبینی. لە راستیدا تا شتێکم نەبینیایە باسم نەدەکرد.

– بیبەن.

– بیهێننە ئێرە! دانیشە! لەو خوارە چیت دەکرد؟

– هیچ. من هیچ کارێکم نەدەکرد. من نەخۆش بووم. هەمیشە لە نەخۆشخانە بووم.

– ژیانێکی سەختت هەبوو؟

– ژیان؟ من نەژیاوم. من تەنیا زیندووبووم، من هەمیشە.... زانستی پزیشکی بۆ رزگارکردنی من نەیتوانی هەڵەیەک بکات. من لێرە رۆژی هەزار جار دەمردم و نەدەمردم. توخوا بەمە دەڵێن ژیان؟ لەعنەت لەم ژیانە!

– کەواتە بەدبەخت بووی؟

– نا من بەدبەخت نەبووم چونکە لە من خراپتریش هەبوو.

– بەختەوەربووی؟

– بەختەوەریش نەبووم. من هیچ نەبووم. من تەنیا چاوەڕوانی مەرگ بووم

– بەختەوەری چییە؟

– نازانم. رەنگە دوو گورچیلەی ساغ بێت.

– بیبەن. لێی گەڕێن بخەوێت. باش بخەوێت. نەفەری دواتر!

– لەو خوارەوە چیت دەکرد؟

– گۆرانیم دەگوت. گۆرانیبێژبووم.

– گۆرانی چیت دەگوت؟

– گۆرانی خەم. ئێمە لەو خوارە وەختبوو لە خەفەتا دیق بکەین. ئێمە وامان دەزانی هەتا هەتایە لێرە دەمێنینەوە.

– خەفەتی چی؟

– خەفەتی دووری. ئێمە تەنیا بووین. لەبەر تەنیایی و ترس. گریان دایدەگرتین. هاوارمان دەکرد. بەزممان دەنایەوە. دواتر ناڵەمان تێکەڵی مۆسیقا کرد و بوو بەئاواز.

– بەڵام ئێوە باش بوون.

– وەختێک کەس وەڵامی ئێمەی نەدایەوە ناچاربووین خەمەکانمان فەرامۆش کەین. ئێمە وامان دانا کەسێک نییەو هەر بەدەوری خۆماندا سووڕاینەوە. واتا سەمامان کرد و دواتر دڵخۆش بووین. لەو بەرزییەوە هیچ دەنگێک بەئێمە نەدەگەیشت. ئێمە تەواو بێ هیوا بووین.

– بیخەنە شوێنێکەوە کە کەس نەبینێت. نەفەری دواتر؟

– تۆ چ کارەبووی؟

– من سەرباز بووم بەڕێز! تفەنگێکیان دامێ وتیان تەقە بکە.

– لە کێ؟

– نازانم. بەمنیان وت تەنها تەقە بۆ پێشەوە بکە. وتیان ئەوانە دوژمنی ئێمەن دەبێت لەناویان بەرین.

– چەند کەست کوشت؟

– نازانم. بەڕاستی من نازانم. من تەنیا تفەنگەکەم گڕ دەدا . بەوردی نەمبینی کە کەس بکەوێتە سەر زەوی یا نا .

– بۆچی تەقەت دەکرد؟

– بۆ گوێڕایەڵی باڵادەستان.

– ژیان چییە؟

– ملکەچی بۆ باڵادەستان.

– تۆ بەختەوەربووی؟

– نازانم.

– بیبەن.

– لەو خوارەوە چیت دەکرد؟

– من فەیلەسووفم بەڕێز! سروشت وەکو کلاڵفەیەک ئەمسەرو سەری دیار نەبوو. سەرەتا بیرم کردەوە دەشێ ئەم کلاڵفەیە بکرێتەوە بەڵام دواتر نائومێد بووم. من گریمانەم دادەنا، تاقیکردنەوەم دەکرد، ئەنجامم دەست دەکەوت یاسام دەنووسی پاشان بینیم هەموو شتێک هەڵەیە. چەندین جار قسەمان کرد و قسەمان گۆڕی.

– لە خوارەوە چ شتێکی گرینگت دۆزییەوە؟

– یاساو بنچینەی سروشت، خوارەوە ئەوەندە خۆشبوو، کە ئێمە لەنێو جوانی ئەو شوێنەدا توابووینەوە.

– ئەو خوارە سەرگەرمکەر بوو.

– بەختەوەربووی؟

– نا، من ویستم بەماتماتیک و فیزیا هەموو پرسێک چارەسەرکەم بەڵام گەلێک پرسیاری زۆر بێ وەڵام مانەوە. وەڵامی هەر پرسیارێک لەگەڵ خۆیدا هەزار پرسیاری تری دەهێنا. من لە نێوان پرسیارگەلێکی زۆردا گێژبووبووم. شتگەلێکی زۆر هەبوون کە چارەسەرکردنیان لە توانای ئێمەدا نەبوو. پرسیارو نەزانی روحی ئێمەی دەخوارد.

– عاشق بووی؟

– نە.

– بیبەن.

– تۆ چ کارەبووی؟

– یارمەتی هەیە دانیشم؟

– دانیشە.

– من بەرپرسی مرۆڤگەلێکی زۆر بووم. من بۆ پێشکەوتنی ئابووری و پیشەسازی و فراوانیی سەر زەوی بڕیارم دەدا. هەموو ئەوانە قەرزاری منن. من سەر زەوی ئەوانم ئاوەدان کردەوە و...

– چ کارێکی بەسوودت کردووە؟

– من خێرایی پێشخستنی بەرنامەی ئابووری و پڕۆژەی پیشەسازی و فراوانکردنی تەکنەلۆژیام ڕێکدەخست دەمخستەڕوو.

– چ کارێکی گرینگت کردووە؟

– دابینکردنی ئازادی، دادپەروەری، دیموکراسی بەدواداچوونی یاسا لەستراتیژی بڕیارەکانی ئێمە بوو...

– ئەمە دەیەوێ وڕێنە بکات، بیبەن.

– بەڵام هێشتا قسەکانم تەواو نەبوون!

– تا ئێستا هیچ شتێکی گرینگت نەگوتووە.

– دابینکردنی بژێوی و بەختەوەری مرۆڤ شتێکی گرینگ نییە؟

– تۆ شێتی.

– من هیچ کارێکی گرینگم نەکردووە؟

– تۆ شێتی، بیبەن.

– دەتەوێ چیم لێ بکەیت؟

– بیخەنە چاڵەوە!

– لەخوارێ چیت دەکرد؟

– هو

– چ کارەبووی؟

– هو.

– تۆ دەروێشی؟

– اناالحق.

– حەق چییە؟

– نفس درویش. لیس فی جبتی الا الله

– پێ گەیشتوویت؟

– ئەم ڕێگایە کۆتایی لەکوێیە تا ببەسترێ؟

– لەسەر ڕێگەی؟

– من خۆم ڕێگەم.

– ماندووی؟

– ماندووم. تینووم.

– ئەو شوێنە چۆن بوو؟

- It was busy. very busy. It was not so at the beginnig but it became busy and busyer. In fact we it this way Suddenly we noticed that there was no room for ourselves among the mess. Finally we started to overcome and control the situation. But it got even worse, until we became lost. Every thing was becoming a real mess and vague. We were confused. Every one tried to bring about an order but it was too little too late Infact no one was able to see one another. Sometimes we heard some one burst but we did not care. We had no time even to glance. Even if we had, we were unable to see him clealy. Every one tried to stick up to himself. Therefor we felt lonely and nostalgic. We continuously need to love every one and everything and when we loss them we would fill very sad.

-What would you do during the loneliness?

-Some cried suddenly and then burst and some tried to forget everything.

-Is there no way out?

-Is there no way out?

-No, there was not.

-Did you ever ask any one for help?

-No, we thought we could save ourselves from such a mess.

– زوو بیبەن. حاڵی هیچ باش نییە.

– خواریێ چۆن بوو؟

– سەخت بوو بەڕێز. زۆر سەخت.

– تۆ چ کارەبووی؟

– من چاوەڕوان بووم بەڕێز.

– چاوەڕوانی چی؟

– چاوەڕوانی کەسێک کە دەڵێن ڕۆژێک دێت بەهەشت لەگەڵ خۆی دەهێنێ. لەو خوارە هەموو نائومێد بوون، بەڵام من چاوەڕوان بووم. ئەوەندە چاوەڕوان بووم و سەیرم کرد ئاوی

چاوم داهات بەڵام کەسێک نەهات. من وەختابوو لەچاوەڕوانیدا بتوێمەوە.

– هیچ کارێکت لە دەست نەهات؟

– هیچ کەسێک کارێکی لە دەست نەهات. بارودۆخەکە لەوە خراپتربوو کە کەسێک بتوانێت کۆنترۆڵی بکات. رەنگە کەسێک بتوانێ زۆرینە بخاتە سەرڕێ بەڵام سامانداان بەکەمینە لە توانای هیچ کەسێکدا نەبوو. هەموو شتێک بەڕوونی لەدەست دەرچوو. هیچ کەسێک نەیزانی دەبێ چی بکات. ئەو شوێنە وەک دۆزەخ تەحەمول نەدەکرا. باشترین کارێک کە لە دەست ئێمە دەهات ، ئەوە بوو کە چاوەڕوان بمێنین و باش بین.

– چاکە؟

– بەڵێ. تەنیا کارێک کە توانیم بیکەم ئەوەبوو کە چاک بم. گەر هەموو چاک بن ئەوکات کەسێک کە هەموو چاوەڕوانی بوون دێت کەمینەکان چارەسەر دەکات. کەمینە بەشێوەیەکی خەفەتبار لەناوچوون. مرۆڤەکان هەموو لە کەمینەدا لەناوچووبوون، بەڵام کەسێک بایەخی بەکەمینە نەدەدا. هەموو لەبیری زۆرینەدا بوون. لە زۆرینەدا مرۆڤایەتی بوونی نەبوو. من لەبارودۆخێکی هاتووەتە وجوود گریانم دەهات. لەو خوارە دڵم تێک هەڵدێ. من هەوڵم دا چاک بم هەروەها چاوەڕوانیش وەمێنم. چاکبوون دژوار بوو، بەڵام وا دێتە بەرچاو کە تەنها رێگەی رزگارییە.

– بیبەنە باخەکەوە.

* دێڕێک لەئایەتی (٣٦) سورەتی (ق)

سەرچاوە: عشق روی پیادە رو، مستەفا مەستور، مجموعە داستان کوتاە، نشر رسش